# مەسرور بارزانی بەبۆنەی یادی 8 مارسەوە پەیامێکی پشتیوانی بۆ ژنان بڵاوکردەوە



ئەم هەینی "مەسرور بارزانی،" سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپەیامێکدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان،پشتیوانی خۆی بۆ مافکانیان دووپاتکردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە:- ئەم هەینی "مەسرور بارزانی،" سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان،پەیامێکی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان بڵاوکردەوە کە ئەم دەقەکەیەتی:- بە بۆنەی 8 مارس، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، پیرۆزبایییکی گەرم ئاراستەی سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و جیهان دەکەم، هیوای سەرکەوتن و ژیانێکی پڕ لە سەرفیرازیان بۆ دەخوازم و هەمیشە پشتیوانی لە داخوازییە ڕەواکانیان و داکۆکی لە مافکانیان دەکەم لەپێناو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و تەندروست.

لەم بۆنەیەدا،حکومەتی هەرێمی کوردستان، پابەندبوونی خۆی بۆ پاراستنی مافکانی ئافرەتانی کوردستان و باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان و بەهێزترکردنی پێگەیان لە کایەکانی دەسەڵات و حکومەانی و بەهێزکردنی بنەماکانی یەکسانیی ڕەگەزی دووپات دەکاتەوە.

ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، لە ئافرەتانی کوردستان و جیهان پیرۆز بێت و هیوادارم هەمیشە لە ئاشتی و شادیدا بژین.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان